کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-6-2007 21:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کاتێک دەبم بە وەزیر!... مزەفەر عەبدلوەهاب**

بە هەناسەیەکی قوڵ و مژێکی سەیر لە جگەرەکەی بۆی گێرامەوە:

دوای شۆڕشێکی درێژخایەن و قوربانییەکی بێشومار، سەرەنجام گەل بەمافی خۆی گەیشت و کەشێکی نیمچە ئازاد وڵاتی پۆشی، پارلەمان و حکومەت دامەزرا، رانك و چۆغەو جامانە توڕدران و قاتی ئیتالی و بۆیەی مستەوردە هاتە کایەوە، پێڵاوی سەرکەگا گۆڕا بۆ مۆنیکا، سەنگەریش بۆ کۆشك و تەلار، نانە ڕەقە بۆ دەفتەری دۆلار، بیروباوەڕیش ئیفلیج بوو، پێشبرکی بوو بۆ کۆکردنەوەی پارە و سامان و خۆدەوڵەمەند کردن، بە گشتی هەموو شتەکان گۆڕانیان بەسەر هات.

حکومەت هات و ئەوەی دیکە ڕۆیی، کاتێك کابینەی وەزاری تازە ڕاگەیەنرا توشی جۆرێك لەسەر سوڕمان بووم بەوەی ناوم لەلیستەکەدا هاتبوو بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزاری!... سەرەتا باوەڕم بە لیستەکە نەدەهات و دواتریش بە وێکچوونی ناو لەقەڵەمم دا تا دواتر یەکێك لە هاورێکانم کە ئەویش ناوی لە لیستەکەدا هاتبوو ئاگاداری کردمەوە کە بووم بە وەزیر!

دوای ئەوەی بۆ یەکەم کۆبونەوە بانگهێشت کراین بەندە بەجل وبەرگێکی پۆشتەوە کەلە دۆستێکی نزیکم قەرزکردبوو بەشداریم کرد، ئەو بەرپرسەی لەسەرووی هەمووانەوە دانیشتبوو دوای دەقیقەیەك وەستان و بەخێرهاتن بەلەخۆباییەکی زۆرەوە کەوتە قسەکردن و باسی دۆخی وڵات وبەڕێوەبردنی ئیدارەو خزمەتکردنی خەڵکی دەکردو خۆی وەکو خزمەتکاری جەماور نمایش دەکرد!...

وتەوە لێدوانەکانی هەندە کاریگەر بوون فرمێسك لەچاوەکانمدا قەتیس مابوون، زۆر جاریش بەلاچاوێکەوە لێیدەڕوانین وەکو ئەوەی ئاماژەیەك بداو بڵێ (لەمەودوا ئێوە بەندەی یەخسیری منن ونابێ لەژێر فەرمانم دەربچن و دەبێ چاو پۆشیش لە هەڵە زەقەکانم بکەن) !

بەر لەکۆتایی کۆبونەوەکە وەزارەتەکان دابەش کران، بەندە دیارە لەسەرەتاوە پشت ئەستوور نەبووم بۆیە پۆستی وەزارەتی (ئاو و هەوا) م بەرکەوت.

لەبەرئەوەی ئەمرم پێکرابوو کە لەگەڵ خەڵکی تابتوانم خراپ بجوڵێمەوەو کێشە و کەموکوڕییەکانیان لەبری چارەسەرکردن زلترو گەورەتر بکەم وبەشتی لاوکیش سەرقاڵیان بکەم بۆیە تەواوی ئەم فەرمانەی سەرووی خۆم جێبەجێ کرد، بۆ پاراستن وقایم کردنی کورسیەکەشم هەرچیەکیان بووتایە بێ سێو دوو جێبەجێمدەکرد، کۆنترۆڵی هەوای وڵاتم کردبوو بۆ هەر هاووڵاتیەك ڕۆژانە بە پاوەن پڕ بە میزەڵانێك ئۆکسجینم پێ دەبەخشین و بۆ هاورێ هاوتاکانی خۆشم ترومپاو ئامێری زل وزەبەلاحم دانابوو جگە لەوەی هەواکەم بۆ پاك و خاوێن دەکردنەوە بێ سەرانەوە ئەعشاریش پێمدەبەخشین، سەبارەت ئاویش بەهەمان شێوە لە خەڵکەکەم قەدەغە کردبوو بۆ مانەوەیان درەنگانی شەو چەند لیترێکم بۆ حەواڵە دەکردن و (24) سەعاتی بەردەوامیش بۆ هاوتاکانی خۆم بەرم دەدایەوە، زۆر جاریش لەسەرچاوەکەوە ڕاستەوخۆ بۆڕیم بۆکۆشك وتەلارو بارەگاکانیان دەکێشا.

لەسەر ئەم کارانە هەمیشە بەرپرسەکانم دەست خۆشیان لێدەکردم، کاتێکیش ڕووبەڕووی میدیا لۆکاڵیەکان دەبوومەوە لێدووان و ڕاگەیاندنی وام بڵاودەکردەوە کە تیایدا ئۆباڵی ئەم دۆخەم دەخستە ئەستۆی دوژمنانی سەرسەختی گەلەکەمەوە!

کار گەیشتە ئەوەی خەڵکی رقێکی زۆرم لێهەڵبگرن و ببمە فس فس پاڵەوانی سەرجەم دانیشتن و کۆبونەوەکانیان و هەرچی ناوو ناتۆرەی ناشیرین و سەیرە سەمەرە هەبوو بەبەژن و باڵای بەندە داتاشرابوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شەوێکیان جەماوەر بەرق وکینەیەکی زۆرو هوتاف کێشانەوە لەبەردەم دەرگای کۆشکەکەم کۆبوونەوە مەشخەڵ و خاکەنازو داری ماسیحەو هەندێکیان دارێکی درێژو بەشێکیان بۆڕیان بەدەستەوەبوو پڕبەگەروویان هاواریان دەکرد (ئاوی مەعدەنی هەوای پاك، بروخێ دوژمنی خاك) ... زۆر نارەحەت بووم درکم بەوە کرد جەماوەر نیەتێکی خراپیان هەیە بۆیە پەیوەندیم بە هاوڕێ و هاوتاکانی خۆم کرد بەڵام کەس بەهاوارم نەهات، ناچار بەتەنیا مامەوەو ڕووبەڕووی ئەم دۆخە بوومەوە... هەرئەوەندەم زانی دەرگای کۆشکەکەمیان لەبن دەرهێناو بەووتنەوەی دروشمەکانیانەوە هێرشیان هێنا، پاسەوانەکانم هەر زوو پشتیان لێ کردم و چوونە ڕیزی جەماوەرەوە، هاتوهاوار کۆشکەکەمی تەنی و هێرشیش لێم نزیك دەبووەوە لەو کاتەدا لەخەو ڕاپەڕیم بینیم هەر کرێچی و نەدارەکەی سەرلەئێوارەم، قومێ ئاوم خواردەوە و تۆزێ بەخۆهاتمەوە هەستم کرد جووڵەو دەنگە دەنگێکی ناسروشتی لەبەردەمی دەرگای ماڵەکەم بوونی هەیە، چوومە دەرەوە هەمان ئەو خەڵکەی خەوەکەم بینی بە دارو خاکەنازو دار ماسیحەو بۆڕی یەوە کۆبوونەتەوە بەڵام مەبەستیان لەناو بردنی بەندە نەبوو، بەڵکو بۆ هەڵدانەوەی سێرکتەکانی ماڵەکانیان بوو تومەز بۆردی سێرکتەکانی موەلیدەی گەڕەك بەعامودەکەی بەردەرگای ماڵی بەندەوە هەڵواسراوە هەر ئەوەشە بۆتە سەرچاوەی ئەو هەراو هۆریایە!

ئەو مۆتەکەیە ئەوەی نیشاندام کاتێ نەتوانم خزمەت بکەم گەر هاتوو بە ڕێکەوتیش کۆترەکە لەسەر سەرم بنیشێتەوە دەبێ دەریبکەم و پۆست ومۆست ڕەتبکەمەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.